


# تەکنەلۆژیاو سوکایەتیکردن بەژنانو کچانی کورد

روناك ئەحمەد/ کۆلن



گەشەی تەکنەلۆژیا خزمەتێکی گەورەی بە مرۆڤایەتی کردووە، لە دوو سەدەی رابردوودا، بەتایبەتیش لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە، بەسەدانو هەزاران ئامێری نوێ داهێنراوە گۆڕانکاری ریشەییان لە کۆمەلگاو لەتاکی مرۆڤدا دروستکردوە، هاوشانی ئەمە چەندین ئامێری تەکنەلۆژی روخێنەرو تێکدەر داهێنراون، کە زیانێکی زۆری بەمرۆڤایەتی گەیاندوە. ئەوە گرنگە بۆ ئێمە کەبزانین چۆن مامەڵە لەگەڵ تەکنەلۆژیا دەکەین. حەزدەکەم لێرەدا تیشك بخەمە سەر چۆنیەتی بەکارهێنانی ئامێری نوێ، کە هەندێك لەگەنجانو پیاوانی کورد، رۆژانە چۆن سوکایەتی بەژنانی پێ دەکەنو کردویانە بەچەکێکی کوشندە بۆ سەر ژنانو کچان، تووشی دڵەڕاوکێو خەمۆکیو ترسو گومانی کردون، کەرۆژانە رووبەڕوویان دەبێتەوە! هەر ئەم ترسو تۆقاندنەیە ژنانی لەملکەچیو کۆتوبەندا هێشتۆتەوە، دەبێتە کولتورێكو وایانلێدەکات هەمیشە لەپەراوێزدا بمێننەوە! یەکێك لەو زیانانەی تەکنەلۆژیا بۆ سەر ژنان تەلەفۆنی دەستیە، کە رۆژانە هەندێك لەپیاوانی کورد کردویانە بەیاری دەستیانو کاتی خۆیانی پێدەبەنەسەر، زۆرێك لەپیاوان دەبینی تەلەفۆنێکی دەستی پێیەو وێنەی کچانی پێ دەگرێو وێنەکەی دەخاتە سەر لەشێکترو بەبلوتوس بۆ یەکتری دەنێرنو کچانیش بێئەوەی ئاگایان لە خۆیان بێت، رووبەڕووی خێزانو کۆمەلگا دەبنەوە، کە نازانن چۆن بەرگری لە خۆیان بکەن. دەرئەنجامی ئەم کارە زۆر جار ئەبێتە هۆی کوشتنی کچەکە، یان فشارێکی دەروونی ئەوتۆی بۆ دێت کە ناچارە خۆی بسوتێنێ، ئەگەر کوڕێك کچێکی خۆشویستو کچەکە رازی نەبوو، یان ئەگەر کوڕو کچێك هاوڕێ بنو واز لەیەکتری بهێنن، ئەوا کوڕەکە وێنەی دەگرێو سوکایەتی پێدەکات لەجیاتی وەفا بۆ کچەکە بەو شێوەیە سزای دەدات، و چەندین شتیتر.... هەر ئەم کارانە وایانکردووە زۆرجار کچان پەنا ببەنە بەر لەچكو خۆداپۆشین. لە کۆمەلگا پێشکەوتوەکاندا ژنان ئەگەر بەبێ ویستی خۆیان لەهەر کوێ وێنەیان بلاّو ببێتەوە ئەوا سکالاّ دەکەنو ئەو کەسانەش بەسزای توندی خۆیان دەگەیەنن. وەلێ لە ولاّتی ئێمە ژنان رۆژانە رووبەڕووی ئەو کارە دزێوەی دەستی پیاوان دەبنەوەو هیچ یاساو رێسایەکیش نییە لەو کەسانە بپرسێتەوە، ئەو کەسانە بە سزای خۆیان بگەیەنێو سنورێ بۆ ئەو کارە دابنێ، کە ئەمە ئەرکێکی دەستبەجێو پێویستی سەر شانی دەسەلاّتە.

